# ئایا سوننەتە مانگی شەعبان هەمووی بەڕۆژوو بێت

[ کردي – کوردی – kurdish ]

شێخ موحەممەد صاڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# هل يستحب صيام شعبان كاملاً

« باللغة الكردية »


## الشيخ محمد صالح المنجد


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2013 - 1434



IslamHouse.com

# ئايا سوننەتە مانگی شەعبان هەمووی بەڕۆژوو بیت

**پرسیار** : ئایا سوننەتە مانگی شەعبان هەر هەمووی بەرۆژوو بیت ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) مانگی شەعبان هەر هەمووی بەڕۆژوو بووە :

عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ رضي الله عنها قَالَتْ : مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَامَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ إِلا أَنَّهُ كَانَ يَصِلُ شَعْبَانَ بِرَمَضَانَ [ رواه أحمد (26022) ، وأبو داود (2336) والنسائي (2175) وابن ماجه (1648)] .

واتا : ئوم سەلەمەي دايكي باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە ووتویەتی : پێغەمبەری خوام (صلی الله علیه وسلم) نەبینیوە کە دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بوو بێت، جگە لەوە نەبێت کە مانگی شەعبانی بە ڕۆژوو دەبەستەوە بە مانگی ڕەمەزانەوە .

لە ڕیوایەتەکەی ئەبوداودا بەم شێوەیە هاتووە : « أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَمْ يَكُنْ يَصُومُ مِنْ السَّنَةِ شَهْرًا تَامًّا إِلا شَعْبَانَ يَصِلُهُ بِرَمَضَانَ »

[رواه أبوداود (2048) وصححه الألباني ] .

واتا : پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هیچ مانگێکی ساڵ هەمووی بەڕۆژوو نەدەبوو، جگە لە مانگی شەعبان نەبێت لەگەڵ ڕەمەزان پێکەوەی دەبەستنەوە .

لەڕواڵەتەدا ئەم دوو ڕیوایەتە بەڵگەن لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مانگی شەعبان هەر هەمووی بەڕۆژوو بووە .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕیوایەتی تر هاتووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم) مانگی شەعبان جگە لە کەمێکی نەبێت هەمووی بەڕۆژوو دەبوو :

عَنْ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ : سَأَلْتُ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا عَنْ صِيَامِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَقَالَتْ : كَانَ يَصُومُ حَتَّى نَقُولَ قَدْ صَامَ ، وَيُفْطِرُ حَتَّى نَقُولَ قَدْ أَفْطَرَ ، وَلَمْ أَرَهُ صَائِمًا مِنْ شَهْرٍ قَطُّ أَكْثَرَ مِنْ صِيَامِهِ مِنْ شَعْبَانَ ، كَانَ يَصُومُ شَعْبَانَ كُلَّهُ ، كَانَ يَصُومُ شَعْبَانَ إِلا قَلِيلا [رواه مسلم (1156)] .

واتا : ئەبو سەلەمە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لەبارەی ڕۆژووی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پرسیارم کرد لە عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی

بێت)، ئەویش لەوەڵامدا ووتی : پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕۆژووی دەگرت هەتا دەمانووت : ڕۆژووی گرت، وە بەڕۆوو نەدەبوو، هەتا دەمانووت بەڕۆژوو نەبووە، وە هیچ کاتێك نەمبینیوە بە ئەندازەی مانگی شەعبان هیچ مانگێکی تر بەرۆژوو بێت، هەندێك جار هەموو مانگی شەعبان بەرۆژوو دەبوو، وە هەندێك جاریش هەمووی جگە کەمێکی بەرۆژوو دەبوو .

لەبارەی تەوفیق کردنیش لەنێوان ئەم دوو فەرموودەیەدا زانایان ڕاکانیان جیاوازە :

هەندێك لە زانایان دەڵێن : ئەم مەسئەلەیە بە پێی کاتەکان جیاواز بووە، هەندیك ساڵ هەر هەموو مانگی شەعبان بەڕۆژوو بووە، وە هەندێك ساڵی تر مانگی شەعبان هەر هەمووی جگە کەمێکی نەبێت بەرۆژوو بووە، ئەم ڕایەشە شێخ

ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پەسەندی کردووە [ سەیری مجموع فتاوى الشيخ ابن باز (416/15) بکە ] .

بەڵام هەندیك لەزانایانی تر، ڕایان وایە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) جگە لە مانگی ڕەمەزان هیچ مانگێکی تر هەر هەمووی بەڕۆژوو نەبووە، فەرموودەکەی ئوم سەلەمەیشیان وا لێك داوەتەوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مانگی شەعبان هەر هەمووی جگە کەمێکی نەبێت بەڕۆژوو بووە، نەك هەر هەمووی، چونکە لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر کەسێك زۆربەی زۆری مانگێك بەڕۆژوو بوو، ئەوا پێی دەڵێن هەموو مانگەکە بەرۆژوو بووە .

حافظی ابن حجریش لەم بارەیەوە ووتویەتی :

فەرموودەکەی عائیشە (خوای لێ رازی بێت) مەبەستەکەی ئوم سەلەمە ڕوون دەکاتەوە، کە دەڵێت : پێغەمبەری خوام

(صلى الله عليه وسلم) نەبینیوە کە دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بوو بیت، جگە لەوە نەبێت کە مانگی شەعبانی بە ڕۆژوو دەبەستەوە بە مانگی ڕەمەزانەوە .

مەبەست لێی ئەوە بووە کە زۆربەی زۆری بەڕۆژوو دەبوو، چونکە ئیمامی تورموذی لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە گێراویەتیەوە، کە ووتویەتی : لە زمانی عەرەبیدا دروستە کەسێك کاتێك زۆربەی زۆری مانگێك بەرۆژوو بووبێت پێی بووترێت : هەر هەمووی بەڕۆژوو بووە .

زانای خواناسیش (الطیبي) لەم بارەیەوە ووتویەتی : ئەم مەسئەلەیە بەو شێوەیە لێك دەدرێتەوە : کە پێغەمبەری خوا (صلى الله علیە وسلم) هەندێك جار مانگی شەعبان هەر هەمووی بەرۆژوو دەبوو، وە هەندێك جاریش زۆربەی زۆری

مانگی شەعبان بەرۆژوو دەبوو، بۆ ئەوەی خەڵکی وانەزانن کە ڕۆژووی مانگی شەعبانیش وەك مانگی ڕەمەزان واجبە .

لـــە پاشاندا حافظی ابن حجر دەڵێت : ڕای یەکەمم بەلاوە پەسەندە و دروسترە .

واتا : پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) هیچ کاتێك مانگی شەعبان هەر هەمووی بەرۆژوو نەبووە، ئەویش بە بەڵگەی فەرموودەکەی ئیمامی موسلیم کە ڕیوایەتی کردووە :

عن عائشة رضي الله عنها أنها قالت : وَلا أَعْلَمُ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَرَأَ الْقُرْآنَ كُلَّهُ فِي لَيْلَةٍ ، وَلا صَلَّى لَيْلَةً إِلَى الصُّبْحِ ، وَلا صَامَ شَهْرًا كَامِلا غَيْرَ رَمَضَانَ

[رواه مسلم (746)] .

واتا : عائیشەی دایکی باوەڕداران دەگێڕیتەوە و دەڵێت : نەمزانیوە کە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) هەموو قورئانی لەیەك شەودا خوێندبێتەوە، وە هیچ کاتێك تا بانگی

بەیانی نوێژی نەکردووە، وە جگە لە مانگی ڕەمەزانیش هیچ مانگێکی تر هەر هەمووی بەڕۆژوو نەبووە .

هەروەها هاتووە : « عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ : مَا صَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَهْرًا كَامِلا قَطُّ غَيْرَ رَمَضَانَ » [رواه البخاري (1971) ومسلم (1157) ] واتا : پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) جگە لە مانگی ڕەمەزان هیچ مانگێك هەر هەمووی بەڕۆژوو نەبووە .

(السندي) یش لەشەرحی فەرموودەکەی عائیشەدا کە ووتوویەتی : ( يَصِل شَعْبَان بِرَمَضَان ) دەڵێت : واتا هەر هەموو مانگی شەعبان بەرۆژوو دەبوو، لە ڕواڵەتەدا ماناکەی وایە کە مانگی شەعبان هەمووی بەرۆژوو بووە، ..... بەڵام ئەوەی ڕیوایەت کراوە بەڵگەیە لەسەر پێچەوانەکەی، لەبەر ئەوە والێك دەدرێتەوە زۆربەی زۆری مانگی شەعبان بەڕۆژوو

دەبوو، وەك ئەوەی هەمووی بەرۆژوو بووبێت و گرێی دابێت بە مانگی ڕەمەزانەوە، مەبەست لەوەیە هەمووی بەرۆژوو نەبوو، بەڵكو زۆربەی زۆری بەرۆژوو بووە .

ئەگەر پرسیاریش بكرێت، كە ئایا حیكمەت چیە لەوەی كە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) زۆربەی زۆری مانگی شەعبان بەرۆژوو بووە ؟

حافظی بان حجر دەڵێت : پەسەندتر ئەوەیە : كە نەسائی و ئەبوداود و ابن خزیمە ڕیوایەتیان كردووە : عَنْ أُسَامَةَ بْن زَيْدٍ قَالَ : قُلْت : يَا رَسُول اللَّه ، لَمْ أَرَك تَصُومُ مِنْ شَهْر مِنْ الشُّهُور مَا تَصُوم مِنْ شَعْبَان ، قَالَ : ذَلِكَ شَهْرٌ يَغْفُلُ النَّاس عَنْهُ بَيْنَ رَجَبٍ وَرَمَضَان ، وَهُوَ شَهْر تُرْفَعُ فِيهِ الأَعْمَال إِلَى رَبّ الْعَالَمِينَ ، فَأُحِبُّ أَنْ يُرْفَعَ عَمَلِي وَأَنَا صَائِمٌ » [رواه النسائي (2221) وصححه الألباني ] .

واتا : ئوسامەی کوڕی زەید ڕیوایەتی کردووە، و دەڵێت : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا، من ناتبینم هیچ مانگێك وەك مانگی شەعبان بەڕۆژوو بیت، ئەویش فەرمووی : ئەوە مانگێکە خەڵکی بێ ئاگان لێی کە دەکەوێتە نێوان مانگی ڕەجەب و مانگی ڕەمەزانەوە، مانگی شەعبان مانگێکە کردەوەکانی تێدا بۆلای خوای گەورە بەرز دەکرێتەوە، بۆیە من حەز دەکەم کاتیك کردەوەکانم بەرز دەکرێنەوە بەرۆژوو بم .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەلام